هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا لە نێو خێمەیەکی چەرمی سووردا بوو، وبیلال هاتە دەرەوە وئاوی دەستنوێژگرتنی پێبوو، هەندێک توانی بڕێک لە ئاوەکەی دەستبکەوێت وهەندێکی تر چەند پرژەیەکی بەرکەوت

لە ئەبی جوحەیفە وەهب کوری عبداللەی سوائیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتێکدا لە نێو خێمەیەکی چەرمی سووردا بوو، وبیلال هاتە دەرەوە وئاوی دەستنوێژگرتنی پێبوو (کە پاشماوە ئاوی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم-)، هەندێک توانی بڕێک لە ئاوەکەی دەستبکەوێت وهەندێکی تر چەند پرژەیەکی بەرکەوت، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو جلێکی سووری لەبەردا بوو، هەروەکو ئەوە وایە ئێستا سەیری سپێتی قاچەکانی بکەم، دەستنوێژی گرت وبیلال بانگی دا، چاودێری جوڵەی دەمیم دەکرد کاتێک ئاوڕی دەدا بە لای ڕاست وچەپدا ودەیووت: (حَيَّ على الصَّلاة؛ حيَّ عَلَى الفَلَاح)*، پاشان ڕمێک بەناو زەویدا لە پێشەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەقێندرا، وچووە پێشەوە وبۆ نوێژی نیوەڕۆ دوو ڕکاتی ئەنجامدا (چونکە لە سەفەردا بوو)، بەردەوام دوو ڕکاتی ئەنجامدەدا (بۆ نوێژی نیوەڕۆ) هەتاوەکو گەڕایەوە بۆ مەدینە». *(پەلە بکەن لە هاتن بۆ نوێژ ئەنجامدان، پەلە بکەن لە هاتن بۆ سەرکەوتن)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە شوێنێک بوو بە ناوی (ئەلئەبتەح:الأبطح) لە ژوورەوەی شاری مەککە، وبیلال هەندێک پاشماوەی ئاوی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری هێنا -صلى الله عليه وسلم- وخەڵکی دەیانویست بەشێک لەو ئاوەیان بەرکەوێت بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو ئاوەوە داوای بەرەکەت لە خوای گەورە بکەن، چونکە هەروەکو ئاشکرایە داوای بەرەکەت کردن لە خوای گەورە بەهۆی شوێنەواری وپاشماوەی شتی بەکارهێنراوی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دروستە وئەمیش تەنها بۆ ئەو ڕێگەپێدراوە لە ئاینی ئیسلامدا، نابێت لە پاش ئەو داوای بەرەکەت لە خوای گەورە بکرێت بەهۆی شوێنەوار وپاشماوەی شتی بەرکارهێنراوی کەسێکی تر. پاشان ئەبو جوحەیفە دەڵێت: چاودێری دەمی بیلالم دەکرد، وبە لای ڕاست وچەپدا ئاوڕی دەدایەوە ودەیووت: (حي على الصلاة ، حي على الفلاح) بۆ ئەوەی خەڵکی گوێیان لەو دوو ڕستە بێت کە ڕێنموێنی کردنی تێدایە بۆ ئامادەبوون بۆ نوێژکردن لە مزگەوت، وپاشان پارچە ڕمێک لە ناخی زەویدا چەقێندرا لە پێشەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی ببێت بە بەربەست (سوترە) بۆی لە کاتی نوێژدا، بۆ نوێژی نیوەڕۆ دوو ڕکاتی ئەنجامدا، وهەر بەردەوام بوو لە کورتکردنەوەی نوێژە چوار ڕکاتیەکان بۆ دوو ڕکات هەتاوەکو گەڕایەوە بۆ مەدینە چونکە لە سەفەردا بوو.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee